# پاشخانی کەمینەکان و ئەزموونی دانپێدانان

سەیران مەعرووفی

من لە تیۆریی دانپێدانانی "هۆنێت" کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی نیشان بدەم کە "دانپێدانان" دەتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتیی خوێندکاران و، شێوازی کاردانەوەی ئەو چەمکە لەسەر گەشەی تاکەکەسی و باری پەروەردە. بە شیکردنەوەی تیۆرییەکە، تێڕوانینێک لەسەر هەلومەرجی ئەو خوێندکارانەی سەر بە کەمینەکانن دەدەم و، دژواریی ڕێی سەرکەوتنیان لە ژینگەی پەروەردەو فێربووندا دەخەمە بەر باس. لە بابەتەکەدا جەخت لەسەر هەردوو بەهادانی کۆمەڵایەتی و ئاسانکاریی خوێندن دەکرێتەوە. بە درێژاییی بابەتەکە تیشک دەخەمە سەر ئەو بەربەستە شاراوانەی کە بەشێکن لە سیستم و کاری خوێندکارانی سەر بە کەمایەتییەکان دژوارتر دەکەن و بە هەمان شێوەی خوێندکارانی سەر بە "زۆرینە" ئەزموونی دانپێدانان ناکەن.

لــەم بابەتــەدا تیشــک دەخەمــە ســەر ئەو خوێندکارانــەی کــە کەمینــەن و تیۆریــی "ئاکسێل هۆنێت" لە مەکتەبی فرانکفۆرت وەک تیۆریی دانپێدانانو قبــووڵ کردن بەکار دێنم. جگــە لەوەش دەمــەوێ تیۆرییەکــە بە چەند نموونەیەکەوە ببەســتمەوە کــە دەلالەت لەوە دەکەن کە چۆن دەتوانرێ خوێندکاران هەست بە بوونی خۆیان بکەن لە ژیانی ڕۆژانەدا و چلۆن ڕێــز لە جیاوازی باکگراوندی ئەوان دەگیرێ و شێوەی قبووڵکردنی کەمینەکان لە قوتابخانە و شــوێنەکانی پەروەردە چۆن بێ. من لە تیۆریی دانپێدانانی "هۆنێت" کەڵک وەردەگرم بۆ ئەوەی نیشــان بدەم کە "دانپێدانــان" دەتوانێ ببێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتیی خوێندکاران و، شێوازی کاردانەوەی ئەو چەمکە لەسەر گەشەی تاکەکەســی و باری پەروەردە. بە شیکردنەوەی تیۆرییەکــە، تێڕوانینێک لەســەر هەلومەرجی ئەو خوێندکارانەی ســەر بە کەمینەکانن دەدەم و، دژواریــی ڕێــی ســەرکەوتنیان لە ژینگەی پــەروەردەو فێربوونــدا دەخەمە بــەر باس. لە بابەتەکەدا جەخت لەســەر هــەردوو بەهادانی کۆمەڵایەتی و ئاسانکاریی خوێندن دەکرێتەوە. بە درێژاییی بابەتەکە تیشک دەخەمە سەر ئەو بەربەســتە شــاراوانەی کە بەشێکن لە سیستم و کاری خوێندکارانی ســەر بە کەمایەتییەکان دژوارتر دەکەن و بە هەمان شێوەی خوێندکارانی ســەر بە "زۆرینە" ئەزموونی دانپێدانان ناکەن. هەرچەنــد "زۆرینە" گرووپێکی یەکســان نین کە هەمان گریمانەکانیان هەبێت، بەڵام هێشتا چەنــد وێکچوونێــک هەیە کە لــەم گرووپەدا هاوبەشــن. نموونەی ئەمەش بریتین لە زمانی هاوبەش، کولتوری هاوبەش و کۆمەڵێک بەهای هاوبەش. بە بەکارهێنانی نموونەی ژیانی ڕۆژانە لە قوتابخانەکانی نۆرویژ و سیستەمی پەروەردە، ڕۆشــنایی دەخەمە ســەر ئەوەی کە چۆن لە کۆمەڵــگا دیموکراتیکەکانیشــدا، "دانپێدانان" دەتوانێت کەمایەســیییەک بــێ و کاریگەریی لەســەر ژیانی ڕۆژانە و داهاتــووی خوێندکاران هەبێت.

مەبەستمان لە زاراوەی خوێندکاری کەمینە ئەو خوێندکارانەیە کــە بنەچەیەکی جیاوازیان لە "زۆرینــە" لە چوارچێــوەی جوغرافیایەکی دیاریکراودا هەیە. بە بڕوای (کاری ســێپرێنس ٢٠١٢)، ئەمە ئــەو خوێندکارانەش دەگرێتەوە کــە لە نێوخــۆی وڵات لە دایک بــوون، بەڵام هــەردوو دایک و باوکیان بیانین، یان ســەر بە کەمینەیەکــن لە چوارچێــوەی وڵاتیکدا (-Ser pens, 2012,16). "ســێپرێنس" ئیدیعا دەکات کە لە دەرەوەی ئەو پێناســەیەی سەرەوە، ئەو زاراوەیە پەیوەندییی زمانی و کولتووری نیشــان نادا و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆردرێ، چونکــە بە سروشــتی سیاســی و سیســتمی بەڕێوەبردنــی خوێندنەوە گرێدراوە. ئەم چەمکە بەو پێیەی هەموو کەسێک لەم گروپەدا لەسەر پێناسەکە کۆک نین، مشتومڕی زۆری لەسەرە، بەڵام من قووڵتر ناچمە نێو ئەو باســەوە، بێجگە لەوەی کە بڵێم خوێندکارە کەمینەکان دەتوانن کەمینەی زمانی، ئایینی، ئەتنیکی یان نەتەوەیی بن و بە پێی هەر یەک لەو پێناسانە لە سیستمی خوێندن و لە جوغرافیای جیاوازدا مافی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ نموونە خوێندکارە کەمینەکانی کۆبێکییەکان لــە کانادا یان کەمینەی خۆجێی بە نێوی ســامەکان لە نۆرێــژ مافی خوێندنیان بە زمانی زگماکیی خۆیان دەســتەبەر کراوە و حکوومەتەکانییــان ئەرکیانە ئــەو مافەنەیان بۆ ڕەچــاو بکەن، بــەڵام خوێندکارێکی کورد لە نۆروێــژ هەمان مافی نیە. ئەگەرچی ڕێکخراوی کوردی دەتوانن یارمەتیــی دارایی وەربگرن بۆ بەڕێوەچوونی کلاس و کۆرســی زمانی کوردی. لێرەدا جیاوازی هەیە لەسەر ماف و دەرفەتەکان. لایەنێکــی دیکە ئەوەیە کــە جیاوازییەکی زۆر لــە نێوان کەمایەتییەکانــدا هەیە، بەو پێیەی هەندێکیــان لــەو وڵاتە لــە دایک بــوون کە هەلومەرجیان باشــترە لە چاو ئەو کۆچبەرانەی کە لــە تەمەنێکی ژوورەوەتــردا هاتوونەتە ئەو وڵاتە. ئەمەش واتە پێداویستیی جیاوازیان هەیە.

منداڵ و گەنجانی تازەهاتوو بەشێکی بەرچاون لە نێو چوارچێوەی پەروەردەیی نۆرویژدا، بەڵام لە توێژینەوەکاندا تا ڕادەیەک گرنگییەکی کەمیان پێ دراوە. تازەهاتووان بەم شێوەیە پێناسە دەکەین کە منداڵان و گەنجانی نوێ لە نۆرویژ بەو هۆیەوە پێویستییان بە پەروەردەی زیاترو تایبەتی هەیە (Dewilde & Kulbrandstad, 2016, 2). ئەم بابەتە باس لە دانپێدانان لە قوتابخانە دەکات. کاتێک باس لە دانپێدانان بەگشتی بۆ ئەم گروپە دەکرێ، تیۆریی دانپێدانانی ئەکسێل هۆنێت ڕاستییەکەی وەدەردەکەوێ، چونکە پشتگوێخستنی ئەم گروپە لە توێژینەوەدا لێکەوتەی قورسی نەرێنیی لە داهاتووی خوێندکارەکاندا لێ دەکەوێتەوە.

## تیۆری ئاکسێل هۆنێت و کاردانەوەکانی لەسەر خوێندن

بە پێی ئەم تیۆرییە مرۆڤ بەهای تایبەت بەخۆی هەیەو هەر مرۆڤێک توانای گەشەسەندنی هەیە. (Åmot و Skoglund، 2019،20). ئەم تیۆرییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "دانپێدانان" هۆشیاری و دروستبوونی شوناس و ئازادی و سەربەخۆیی لە مرۆڤەکاندا پێک دەهێنێت. شوناس لە گۆشەگیریدا دروست نابێت. ناسنامەیەکی تەندروست بەندە بە دانپێدانانی هەمەلایەنە لە کۆمەڵگادا. لە ڕێگەی "دانپێدانان" لە کۆمەڵگادا دەتوانین متمانە بەخۆبوون و خۆناسین و بەها ئینسانییەکانی گەشە پێ بدەین. (Åmot و Skoglund 2019، 20) "ئۆمۆت و سکۆگلووند" ئاماژە بە ئەکسێل هۆنێت (٢٠٠٣) و چارلز تایلۆر (٢٠٠٨) دەکەن و دەڵێن "ئەوانەی خەمی کۆمەڵگە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، ئامانجیان بەهێزکردنی سەربەخۆیی تاکە". (ئامۆت و سکۆگلوند، ٢٠١٩، ٢٠، ٢١). ئەمە زۆر گرنگە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە فرەکولتورییەی کە ئێمە تێیدا دەژین، هەموو کەسێک فەزا و دەرفەتی بۆ بڕەخسێ و ئامانجەکانیان بەهایان بۆ دابنرێت و بپارێزرێن.

ئەگەر "دانپێدانان" پێویست بێت بۆ پێکهێنانی شوناسێکی تەندروست کە تاکی ڕەسەن بەرهەم بێنێ و هەست بە ئاسوودەیی بکات لەگەڵ ئەو ناسنامەیەی کە شکڵ دەگرێ و پەرەی پێ دەدرێ، دەبێ زیاتر گرنگی بە قبووڵکردن بدەین و زیاتر سەرنجی بخرێتە سەر لەوەی کە ئێستا لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەدا دەکرێت.

شتێکی نامۆ نییە کە مامۆستایان و قوتابخانە بە گشتی یەکسانی و هاورەنگی وەک دوو دیوی یەک دراو دەبینن. یەکسانی بە مانای ئەوەیە کە بەبێ گوێدان بە بیروباوەڕ، پێشینە و تواناکانی خوێندکاران لە قوتابخانە بە یەک چاو سەیربکرێن. ئەمە شتێکە زۆربەی کارگێڕان لەسەری کۆکن، بەڵام چەندین پێکهاتەی شاراوە هەن لە سیستمی خوێندن کە پێچەوانەکەی دەنوێنن.

مافی یەکسان هەمیشە وەک دەرفەتی یەکسان نییە، چونکە دەرفەت شتێکە بەپێی توانا و ئاسانکاری لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەدا دەدرێ بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی. هەندێک لە گروپی کەمینەکان وەک کێشەیەک لەبری سەرچاوەیەک سەیر دەکرێن. (Dewilde and Kulbrandstad 2016,2) لە ڕێگەی وتارەکەیانەوە ئەوە دەخەنە ڕوو کە بۆ نموونە، کۆچبەرە تازەهاتووەکان، لە چەمک و دەربرینەکاندا وەکوو گروپێکی نەرێنی سەیر دەکرێن و باوەڕێکی لەم چەشنە لەو بارەیەوە هەیە. "وەک ئەم جۆرە زاراوانە، دەتوانرێت "تازەهاتووان" وەک گروپێکی کێشەدار لە خوێندکاران هەستیان پێ بکرێ." (Lund 2017,19) ئاماژە بە (Stålsett 2009) دەکات و پێی وایە کە گشتگیری و تێکەڵاوی، کە زۆر جار هەمان "دانپێدانان"ە "یانی دانپێدانان دەبێتە هۆی قبووڵکردنی جیاوازییە کولتوری و فرەرەنگییەکانی کۆمەڵگە لە کارێکی پێداگۆگیدا.

قوتابخانە گۆڕەپانێکی گرنگە بۆ گشتگیری و تێکەولاوی، بەڵام زۆر جار لەوێ شوێنەواری

کولتـــوور، مێـــژوو یـــان زمانـــی خوێندکارانی کەمینـــەکان لەبەرچاو ناگیردرێـــن و لە ڕووی بەهاکانیانـــەوە بە یەک چاو ســـەیر ناکرێن لە چاو ئەو قوتابیانەی خـــاوەن کولتوری نۆرویژن لە بواری فێرکردنـــدا. (Lund 2017,16) ئاماژە بـــە (Thor Ola Engen 1989) دەکات کـــە « کۆمەڵگەی فرەچەشنی پێویستی بە هاوسەنگی هەیـــە لە نێـــوان کولتووره جیـــاوازەکان و ئەو بەهایانەی کە کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. قوتابخانە و باخچەی ساوایان دەبێ بەدوای ئەو شـــتەدا بگەڕێن کە ئەو بە " double qualifi-cation" وەســـفی دەکات: تایبەتمەندییەکانی کولتـــووره خۆجێییەکان دەبێ بناســـرێن و لە کولتـــووری زۆرینەدا یەک بخرێـــن، لە هەمان کاتـــدا تایبەتمەندییەکانی کولتـــووری زۆرینە دەبێ لە کولتووره نێوخۆییەکاندا جێگیر بکرێن." ئەمە ئارگیومێنتێکە کە سیســـتەمی پەروەردە بـــۆ وەدیهێنانی کولتوورێکـــی فرەرەهەندی بۆ پارێزگاری لە کولتوورێکی هاوبەش بەرپرســـیار دەکا.

بە بڕوای هۆنێت، دانپێدانان بە سێ مەیدان دابەش دەکا: خۆشەویستی و ڕێزدانان، یاسایی (ماف) وهاودەنگی (کۆمەڵگە کولتووری، سیاسی و کار). (Åmot and Skoglund 2019,21) بـــە پێی ئەم تیۆرییە، کاتێـــک دانپێدانان مانا دەدا کە ئەو ســـێ جۆرەی باســـمان کـــردن لەکار بکرێن تـــا تاکی ســـەربەخۆ و ناســـنامەیەکی تەندروســـت بەرهـــەم بهێنـــرێ. (Åmot and Skoglund 2019). بانـــدۆری دانپێدانان دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ باوەر بە خۆ بێ و مرۆڤێکی باوەربەخۆ کۆمەڵگایەکی تەندروســـت بار دێنێ. مرۆڤەکان پێویستییان بەوە هەیە کە هەست بە خۆشەویستی و ڕێز بکەن هەم لە نێو بنەماڵە و هەم لـــە کۆمەڵگادا. بۆ نموونە لە خوێندنگاکاندا مافیان پارێزراو بێ و دەرفەتیان بۆ برەخسێ، یان بە گشـــتی لە کۆمەڵگادا هەست بە هاودەنگی و سولیداریتێت بکەن. بەها کەلتوورییەکانی ئەوان سەرنج و پەرەی پێ دەدرێ و دەرفەتی دروست بکرێ کە ئەوان ئەو هەستەیان بە بەردەوامی بۆ دروست بێ. نموونەیەکی کۆنکرێتی ئەوەیە کە زمانی دایکیان دەبـــێ بەهای ناوەکیی هەبێ، نەک تەنیا بەهایەکی هەبێ کاتێک یارمەتیدەرە بـــۆ فێربوونی زمانـــی زۆرینە. (ئۆلســـن و هاوگ ۲۰۲۰، ۱۰۸،۱۰۹،۱۱۴) بانگەشـــەی ئەوە دەکەن کە بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی مامۆســـتایانی دوو زمانـــە ئاســـتی زانیاری لەســـەر کۆچبەر، فرە زمانی، کەمینەکان، زیاد دەبێ و هەســـتی نامۆیی لە قوتابییەکانی سەر بە کەمینەکان کەم دەبێتەوە. نموونەیەکی تر ئەوەیە کە چۆن باسی ئەم خوێندکارانە دەکەین و چۆن هەوڵ دەدەین لە پاشخانی ئەوان تێبگەین و ئاسانتر هەست بە بینین و بیستراویان بکەین لە ژیانی ڕۆژانەدا.

نموونەیەکـــی دیکـــەی دانپێدانان دەکرێ ئـــەوە بێ کە ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانە بە ڕووداو و چالاکیـــی فرە کولتـــوری پابەنـــدە و زمانی دایکـــی قوتابییەکە چالاکانە بەکاردەهێنرێت بۆ بەخشینی زانست، کاتێک خوێندکارەکە زمانی ســـەر بە زۆرینە بە ڕادەیەکی پێویســـت باش نییە. یارییەکانی پەیوەســـت بە پاشـــخانی ئەم گرووپە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی سالم. ئەم یارییانە دەتوانێ خۆشی و پردێک لە نێوان گرووپەکاندا دروست بکا، کە جیاوازی وەکوو دیاردەیەک دەبینرێت وکۆمەڵگا دەوڵەمەند دەکات. وانەی خۆراک و دروستکردنی خواردەمەنییە خۆجێیەکانیـــش دەتوانێ ببێتە مایەی ناساندنی کولتووری خۆراکی کەمینەکان. لەو ڕێگەیەوە قوتابییـــەکان دەتوانن ببینن کە ڕێـــز لە کولتووری خواردنیان هەســـت دەکەن لە شـــارەزایەتیی ئەوان کەڵـــک وەرگیراوە. ئەم نموونەیـــە دەتوانرێ لە چەنـــد بابەتێکدا وەک پەروەردەی وەرزشی، مۆســـیقا، یاری لە کاتی بەتاڵدا، مێـــژوو و بابەتی تردا ڕەنـــگ بداتەوە. بەم شـــێوەیە مرۆڤ دەتوانێت نیگای ڕەخنەیی خوێندکارەکانیـــش بەهێز بـــکات و پەرەی پێ بدات بـــە جۆرێک کە نۆرمـــە جێگیرکراوەکان لە کۆمەڵگادا بخەنە ژێر پرســـیارەوە، لە هەمان

کاتدا ئەو خوێندکارانە بناسن کە کەمینەن. لە ئێستاوە ئەوە حاڵەتە کە ئێمە چەند شتێک بە دروستی لە قوتابخانەکانی نۆرویژدا دەکەین. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە ئەو خوێندکارانەی کە کەمینەن پێداویستی و یارمەتیی زیاتریان دەوێ بۆ وانەکانیان، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە هێشتا خاڵی دڵخوازمان لە پەروەردە و فێرکردندا نەپێکاوە. زۆر شت سەبارەت بە شێوازی سیستمی خوێندن دەبێ بگۆڕدرێ بۆ ئەوەی چیتر دۆڕاو و براوە بەرهەم نەهێنین لە کۆمەڵگادا. چونکە ناتوانێت ئەوە تەنها بە هەڵکەوت بێ کە بۆچی بە شێوەیەکی گشتی زۆرینە لە کۆمەڵگادا و لە سیستمی خوێندن براوەن. کە واتە کاتی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر ئەو ستروکتورە شاراوانە لابەرین کە دەبنە هۆکاری دروستبوونی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، چونکە خوێندن هەلێکە بۆ ئەوەی دەرفەت بدا تا مرۆڤەکان لە نەهامەتی و چەوساندنەوە ڕزگاریان بێت.

## پێزانین و دانپێدانانی کۆمەڵایەتی

(Jordet 2020,23) باس لە "یەک لە سەر چواری خوێندکاران دەکات کە لە قوتابخانەدا مەترسیی پەراوێزخستنیان لەسەرە و ڕەنگە لە کۆتاییدا ببێتە هۆکاری گۆشەگیری و زیادبوونی مەترسیی کێشەی تەندروستی هەمیشەیی". ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە سیستەمی پەروەردە سەرکەوتوو نەبووە لە گرنگیدان بە هەموو قوتابیان و ئەوەش وای کردووە هەندێک پێویستیان بە یارمەتیی پەروەردەیی تایبەت هەبێ. بۆ ئەوەی ئاستی ئەو خوێندکارانە بەرز بکرێنەوە، گرنگە ئەو یارمەتییە لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزایەوە ئەنجام بدرێت. (یرودێت، ٢٠٢٠، ٢٣).

نەبوونی کەسانی پسپۆڕ لە قوتابخانەکاندا هەندێک جار دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو کەسانەی پێویستییان بە یارمەتیی زیاترە لاواز بکات.چونکە هەبوونی پسپۆڕ و کەسانی شارەزا زۆر گرینگە بۆ یارمەتی دانی ئەو خوێندکارانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان کێشەی فێربونیان هەیە، جا چ ئەو هۆکارە هۆکاری زمان بێت یان بگەڕێتەوە بۆ کولتووری بنەماڵە. (Jordet 2020). جۆردێت ئاماژە بە تیۆری دانپێدانانی هۆنێت دەکات و دەیبەستێتەوە بە ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی و ڕوونی دەکاتەوە کە نەبوونی دانپێدانان دەتوانێ ببێتە هۆی پێشێلکاری و هۆی کێشەی تەندروستی (Jordet, 2020, 24). زیاتر بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو منداڵانەی کە دانیان پێدا دەنرێت دان بە کەسانی دیکەدا دەنێت و ئەمەش "کۆمەڵگەی باش" دروست دەکات. (جۆردێت، ٢٠٢٠، ٢٥). ئەو ئاماژە بە کریمیت (٢٠١٩: ٤٣) دەکات بۆ تێگەیشتن لە چەمکی پاتۆلۆژی کە بە گوێرەی دەربڕینی هۆنێت لادانە لە ستانداردی خوازراو لە ئەنجامی ئەزموونەکان کە دەتوانێ ئازاری جەستەیی و دەروونی لێ بکەوێتەوە (Jordet, 2020, 26-27). ئاماژەی بەوەش کردووە، ئەگەر خەسارناسییەک لە سیستەمی پەروەردەدا نەکرێ بێجگە لەوەی کە قوتابیان ئازار دەچێژن، دایک و باوکانیش بەو هۆیەیە تووشی ئازار دەبن. قوتابیان ناتوانن کەسایەتیی خۆیان گەشە پێ بدەن و توانا و سەرچاوەی سروشتیی خۆیان وەک مرۆڤێک پەروەردە بکەن". (جۆردێت، ٢٠٢٠، ٢٧). ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی کردەوەی تێکدەرانە و خۆبەکەمزانین و قەیرانی دروستبوونی ناسنامە لە لای خوێندکارانەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێش ئەوەیە: چۆن دەتوانین پێش بەو کارە بگرین؟ یەکێک لە ڕێگاکان بۆ دوورکەوتنەوە لەم کارە ئەوەیە کە قوتابخانە وەک سیستەمێک و مامۆستایان وەک جێبەجێکار دەتوانن زیاتر ئاگاداری شێوەی دەربڕین و پراکتیکەکانیان بن و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە سیستەمی پەروەردە بڕوانن. نموونەیەکی تر ئەوەیە کە ئێمە گوێ لە خوێندکاران بگرین و زیاتر لێکۆڵینەوە بکەین لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەو خوێندکارانەی کە کەمینەن ئەزموونی ژیانی

ڕۆژانەی قوتابخانــە دەکەن. کاتێک ئەرکەکانی قوتابخانــە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی نێو بنەماڵەی کەمینــەکان هاوئاهەنگ نەبــن، دەبێتە هۆی لاوازیی پەروەردەو خوێندنی گشــتی. (جۆردێت ٢٠٢٠)

لە وڵاتێکی وەک ئێران کە دیموکراســیی تێدا نییە و ڕۆژانە مافــە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن، ئەمە لە سیستمی پەروەردەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەش بــە گوتەی جۆردەت کە لەســەر بنەمای تیۆری دانپێدانانی ئەکسێل هۆنێــت دامــەزراوە، کاریگــەری لەســەر ئەو خوێندکارانەی ئەو وڵاتــە بەجێ دەهێڵێت کە فێرخوازی فارسی زمان نین. نموونەیەک ئەوەیە کــە خوێندکارێکی کورد دەســت بە خوێندن دەکات و ناچار دەبێت هەموو شتێک بە زمانی فارسی فێربێ، خوێندکارەکە هەست بە نامۆیی دەکا و دەبێ بتوانێ لە یەک کاتدا هەم مەعریفە و هەم زمانەکە فێر بێ ئەمەش بۆ خوێندکارێکی فارســی زمان وا نییە. توخمێکی دیکە ئەوەیە کــە وانەکان ڕەنگدانــەوەی فەرهەنگی کوردی و ڕووداوەکانی ڕۆژانــە و ڕووداوە مێژووییەکان نییە. بەم شــێوەیە خوێندکار نامۆ دەبێت و بە شێوەیەکی سروشتی زەحمەتی زیاتری دەبێت لە بەدەســتهێنانی زانســتەکە. بەو پێیەی کە زمانەکە بۆ خوێندکار نامۆیە و هەســت بە هیچ پەیوەندییــەک بــە کولتوور و مێــژوو و زمانی فارسی ناکات، ئەمەش بەربەستێکە بۆ خوێندکار بۆ دروســتبوونی ناســنامەیەکی ســەربەخۆ و تەندروست و دەبێتە هۆی چەندین ململانێ لە نێو تاک و کۆمەڵگادا.

هــاوگ (٢٠١٦) ئاماژە بــەوە دەکات کە لە ساڵانی هەشــتاکان و نەوەدەکاندا چەندین ڕێوشــوێن جێبەجێ کــران بــۆ یارمەتیدانی فێرخوازان بــۆ فێربوونی زمانی نۆرویژی و پێی وابــوو کە "کێشــەکە" کۆتایی دێــت کاتێک خوێنــدکاران فێری زمانــی نۆرویژی دەبن کە بتوانــن پۆلە ئاســاییەکان پەیــڕەو بکەن. بەم شێوەیە بڕیار بوو ڕێوشــوێنە تایبەتەکان قۆناغ بە قۆناغ کۆتایــی پێ بهێنرێن. "ئەو لێهاتووییە زمانــی و کولتوورییــەی کــە قوتابییــەکان لەگــەڵ خۆیــان هێنابوون تــا ڕادەیەکی کەم وەک زانیارییەکی ڕەوا یان ســەرنجڕاکێش لە قوتابخانەدا بەهایان پێ درابوو" (Hauge, 2016, 14). ئەمەش نیشــان دەدات کە چ ڕوانگەیەک زاڵ بــووە کاتێــک باس لــە خوێندکارانی فرە کولتوری دەکرێت، هەروەها بنەمای دانپێدانان لاواز دەکات کاتێک ڕوانگەیەکی لەو شــێوەیە نۆرم بێت. ئەو ئاماژە بــەوە دەکات کە ڕێبازی پێداگۆژیی ئەمڕۆ کەمێک گــۆڕاوە. ئەمڕۆ، فرە زمانەوانی و فرە کولتووری وەک ســەرمایەیەک ســەیر دەکرێن و ئاماژە بە St.meld.nr.49 KD 2007 دەکەن کە تێیدا هەمەجۆریی بەهادارە و پێشــنیاری ئەوە دەکات کە پەروەردەی زمانی دایــک بەهایەکی ناوکیــی زیاتری پێ بدرێت (Hauge, 2016, 14). ئەو زیاتر ئیدیعا دەکات کە ئەوە "قوتابخانەیە کە دەبێت خۆی بگونجێنێت و نەک بە پێچەوانەوە" (Hauge, 2016,14). لە ژێر ڕۆشــنایی ئەم ڕوانگەیەدا کە ڕوانگەیەکی فــرە کولتورییە، ئەمە ڕێگە بە فرەچەشــنی و قبووڵکردنی قوتابیان دەدات. (هاوگ، ٢٠١٦،١٤). ڕوانگەیەکی لــەو جۆرە دەبێتــە هۆی ئەوەی کە ئــاگاداری قوتابییەکان بکرێــن بەجۆرێک کــە ڕێگری بــکات لە کۆمەڵێــک گیروگرفت کــە قوتابییــەکان دواتر لە ژیانــی قوتابخانەدا لەوانەیە ڕووبەڕوویــان ببێتەوە. هاوگ (٢٠١٦) زیاتــر ئاماژە بــە (Shultz et al. 2008) دەکات و دەڵــێ کە نەبوونی ڕوانگەیەکی لەو شــێوەیە دەبێتە هۆی ڕەفتاری کێشەدار، کێشەی زمان و کێشەی خوێندنەوە و نووسین. هاوگ دەڵێ کە فرەکولتوری دەبێ وەک دۆخێکی ئاسایی سەیر بکرێت نەوەک شۆڕبوونەوە بۆ نێو کۆمەڵگەیەکی یەکجۆر و هاوشێوە.

## تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی- کولتووری

تیۆریــی فێربوونی کۆمەڵایەتــی - کولتووری لێرەدا پەیوەندیدارە بە "دانپێدانان"ەوە، چونکە

بە پێی ئەم تیۆرییە منداڵان لە بۆشـاییدا فێر نابـن، بەڵکوو لە کارکـردن و کاری هەرەوەزی لەگەڵ کەسانی دیکەدا فێر دەبن. بۆ تێگەیشتن لـە منداڵ، بەس نییە لە تاک تێبگەین، بەڵکوو دەبێـت مـرۆڤ لـە دیمەنـە کۆمەڵایەتی - کولتورییەکەی تێبگات. واتە ئەو ڕێگایانەی کە منداڵان بەرەو هەندێک ڕێڕەو دەبەن، هەندێکی تریش دەچنە نـاو ڕێڕەوەکانی ترەوە. لایەنێکی گرنگی فێربوونی کۆمەڵایەتی-کولتووری ئەوەیە کە منداڵان لەسـەر ئەو ڕاستییە دامەزراون کە منداڵان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین و لە ڕوانگەی بایۆلۆژییـەوە بۆ ئاسـمیلەکردن لەناو کولتوورە جیاوازەکانی دەوروبەریاندا گونجاون. گەشـەی منداڵ تەواو سـەربەخۆ نییە، بـەڵام لەلایەن کەسە بڕواپێکراوەکانیان و کەسە نزیکەکەنیانەوە (significant) کاریگەرییەکی زۆریان لەسـەر گەشـەکردنی زیاتری ئەوان هەیە (Vygotsky, 2001). کاتێک مرۆڤ باوەڕی بە تیۆرییەکی لەو شێوەیە هەیە، دەڵێت منداڵانی کەمینەکان وەک هەموو کەسێک لە کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکـەدا فێر دەبن و بۆ ئـەوەی کەلێنی نێوان ئـەم گروپە و زۆرینە کەم بکرێتەوە، تەقلیبوون پێویسـتە، واتە نابێت تەنها بەشـداری بکەن، بەڵکوو دەبێت گوێیـان لێ بگیرێ و دەنگێکی یەکسانیان هەبێت وەک زۆرینە. ئەم یەکگرتنە تەنیا کاتێک ڕوو دەدات کە دانان بەم گرووپە و دانـان بـە پێداویسـتییەکانیان جێبەجێ بکـرێ. نموونەیـەک زمانـە و لێـرەدا گرنگە بایـەخ بۆ زمانی دایکییان دابنـرێ و هەروەها ئامرازێکیـان پێ بـدرێ بۆ ئـەوەی دەرفەتی یەکسـانیان هەبێ هەست بە شارەزابوون بکەن لە زمانی زۆرینەدا. ڤیگۆتسکی (٢٠٠١) جەخت لەسـەر گرنگیی زمان دەکاتەوە لە پەروەردە و گەشـەکردنی منداڵدا. "ئەو جیاوازی دەکات لە نێوان ئاسـتی ڕاستەقینەی گەشەکردنی منداڵ و ئاسـتی گەشەکردنی پۆتانسـێلی" (Vygot-sky 2001,15). گەشـەی ڕاسـتەقینە ئەوەیە کە منداڵەکـە بە تەنیا چی بەڕێـوە دەبات، و گەشـەی پۆتانسـیەل ئەو توانایەیە کە منداڵ دەتوانێت لە ڕێگـەی ڕێنماییکردنی گەورەکان و لە کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا فێری بێت. "مەودای نێوان ئەم دوو ئاستە ئەوەیە کە ڤیگۆتسکی پێی دەڵێت ناوچەی گەشەسەندنی دەسـتبەجێ" (ڤیگۆتسـکی ٢٠٠١،١٥). هۆکاری ئـەوەی کە ئەم تیۆرییە لـە پەیوەندی لەگەڵ دانپێدانانی خوێندکارانی کۆچبەردا جێگیرکراوە بۆ ئەوەیە کە بتوانن ئۆفەرێکی پەروەردەیی باش پێشکەش بکەن، سەرپەرشتیاران لە قوتابخانە و خوێندنەوەی ئەوان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بۆ گەشەی منداڵان و خوێندکاران. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئـەو ئیدیۆلۆژییە و ئەو شـێوەیەی کاری پێ دەکرێ و زاڵە، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشەکردنی خوێندکاران و بە پێچەوانەکەشی بە هەمان شێوە.

## نرخاندنی جڤاکی

"نرخاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دەرفەتەکانی تاک بۆ مامەڵەکردن لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکاندا و بـۆ ئەوەی بتوانـێ زانیـاری و لێهاتوویی و توانـا و ئاسـانکارییەکان لـەم کۆمەڵگایانەدا بـە کار بهێنێـت." (جۆردێـت، ٢٠٢٠، ل ١٠٢). کاتێـک ئەم جۆرە نرخاندنە ئـەو خوێندکارانە دەگرێتەوە کـە کەمینەن لەسـەر بنەمایەکی یەکسان لەگەڵ باقیی گروپەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەسـتهێنانی ڕێزگرتـن لە تاکەکەس. خۆی وەک مرۆڤێکی شایسـتە سـەیر بکات و تەندروسـتیی دەروونییـان بەهێزتـر دەکات. لێرەدا گرنگی بەو شـتانە دەدرێت کە جیاوازن، بەشـدارییە گرنگـەکان و ئەزموونـە تایبەتە جیـاوازەکان بەهایـان پێ دەدرێـت. (Jordet 2020) پێـی وایە کە ئەگـەر خوێندکاران بە شـێوەیەکی سیسـتماتیک پلە و کاراکتێریان دابەزێنـرێ و بخرێتـە ژێر پرسـیارەوە، ئەوە خۆیـان جێگە و پایەی خۆیان دادەبەزێنن و بە بەردەوامی هۆوییەت و شـوناس و کەسایەتیی خۆیان دێننە ژێر پرسـیار. یـورە بەو دیاردەیە

دەڵێ نەبوونی متمانە بەخۆبوون کە کاردانەوەی دەبێ لەسەر چۆنیەتیی جێکەوتنی خوێندکار لە کۆمەڵگادا. ئاماژە بە بۆردیۆ (٢٠١١ (١٩٨٦)) دەکات کە باس لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات. واتە ناوەڕۆک و پراکتیکی قوتابخانەکان لە ژێر باندۆری چینی دەسەڵاتدار دایە. (Jordet, 2020, 102).

لەسەر بنەمای ئەمە دەتوانین بە نموونەیەک لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانەدا کۆتایی پێ بهێنین. ئەو خوێندکارانەی کە سەر بە چینی خۆشبژێوی کۆمەڵگان و باسی خۆشگوزەرانییەکانی خۆیان لە کاتی پشووی مەکتەبدا دەکەن، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی حەماسەت و سەرنجێکی زیاتر لە مامۆستایان و هاوپۆلەکانیان وەردەگرن لە چاو هەندێک لەو خوێندکارانەی کە پێشینەیەکی کۆچبەرییان هەیە یان سەر بە چینی مامناوەندیی کۆمەڵن، کە زانیاری یان توانای دارایيان نییە بۆ ئەزموونکردنی هەمان چالاکی. ڕەنگە ئەمە کاردانەوەیەکی بێئاگایانە بێت لەلایەن مامۆستایانەوە و هەندێکیش وا بیر دەکەنەوە کە زۆر مەترسیدار نییە، بەڵام بە گوتەی جۆردێت کە پێی وایە ئەگەر ئەوانەی کە بە کەم سەیری ئەو خوێندکارانە دەکەن کە هەست بە پەراوێز و دابڕان بکەن و هەرچەند مەبەستی ئەوەیان نەبێ مانای ئەوە نییە کە بوونی نییە و سووکایەتیەکە ڕووی نەداوە. جۆردێت ئاماژە بە نەخۆشییە شاراوەکان دەکات و پێی وایە ئەوەندە باش نییە بڵێین "ئەمە قوتابخانەیە" چونکە ئەو ئازارانەی کە پێکهاتەی دەسەڵاتی شاراوەی هێرشبەر لە سیستەمی پەروەردەدا دەیخاتە سەر هەندێک گروپ، ژیان و تێگەیشتنی خوێندکاران لە قاڵب دەدات. ئەمەش لەوانەیە بەو مانایە بێ کە هەندێک لە خوێندکاران زۆرجار هەوڵ دەدەن هاوڕەنگ بن لەگەڵ زۆرینە لەبەر ئەوەی ویستەکانیان بەهایەکی کۆمەڵایەتیی نزمتریان هەیە و ئەوە خۆی لە خۆیدا شکاندن و سووکایەتیەکی شاراوەی سیستەمین کە زۆر جار بە ئاسانی ناتوانی دەستنیشانیان بکەی. ئەوان ئەزموونی پشتڕاستکردنەوەیەکی ئەرێنی دەکەن کە زمان، پراکتیک و ناوەڕۆکی قوتابخانەکە لە ماڵەوە لەگەڵیدا دەگونجێت. جگە لەوەش ئەو منداڵانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان کەمترە، پێچەوانەکەی ئەزموون دەکەن و زیاتر هەست بە نامۆبوون دەکەن. (Jordet 2020) ئاماژە بە Bourdieu و Passeron (٢٠٠٦) دەکات و دەنووسێت «بوونی توندوتیژیی شاراوە لە قوتابخانەدا».

دەتوانین بڵێین کە چۆن ئەو خوێندکارانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کولتوورییان هەیە لەگەڵیدا گەورە بوون و بە میرات بۆیان ماوەتەوە زۆرتر خۆیان لە سیستەمی پەروەردەدا دەبیننەوە و ئەمە دەبێتە هۆکاری بەرەوپێش چوونیان لە خوێندن. لە لایەکی دیکەوە نادادپەروەرییەک بەسەر لایەنی کەمینەدا دەسەپێ و هەست بە نامۆبوون دەکەن، تەنها لەبەر ئەوەی پاشخانێکی جیاوازیان هەیە، ئەوە زۆر جار دەبێتە هۆکاری دروستبونی هەستی خۆ بەکەمزانین و خۆ لە خۆ بێگانەبوون.

## سەرچاوەکان


Lund, Bonnevie, A.C. Mangfold gjennom anerkjennelse og inkludering i skolen. Gyldendal Akademisk, 2020

Dewilde, J. & Kulbrandstad, L. A. (2016). Nyankomne barn og unge i den norske utdanningskonteksten. (Fagbokforlaget Nordand – Nordisk tidsskrift for andrespråks forskning, 2016)11(2): 13–33. 20 s.

Hauge, A. M.,. Den flerkulturelle skolen. (Universitetsforlaget ,2014)

Jordet, A. N. Anerkjennelse i skolen: en forutsetning for læring. (Oslo: Cappelen Damm Akademisk., 2020)

Olsen, M. H. og Haug, P. Tilpasset opplæring. (Oslo: Cappelen Damm Akademisk,2020)

Skoglund, R. I. & Åmot, I. (Red.) . Anerkjennelsens kompleksitet i barnehage og skole.( Oslo: Universitetsforlaget

Spernes, K. Den flerkulturelle skolen i bevegelse. (Gyldendal Akademisk, 2020)

Vygotskij, . S. Tenkning og tale. Oslo: (Gyldendal akademisk, 2001) (Kap. 6, s. 135-183). 50